**لێکتێگەیشتن (تفاهمنامە) سازمانی دێموکراتیکی یارسان وحیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران**

ناوچەکانی زاگروس بە هۆی جیاوازی و سەرچاوە سرۆشتیەکان، پێوەندی جوغرافیایی، تاسیراتی لە سەر ئاو و هەوا، مێژووی فەرهەنگی و ئەمنییەتی گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

سەرچاوە سروشتیەکانی زاگروس بە نەوت، گازی سرۆشتی، مەعدەنی جواروجور دەوڵەمەنە. زاگروس لە بارەی ژئوپولتیک و ئرتباتەوە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باشووری ئاسیا بە یەکەوە گرێ دەدات. ئەم ناوچەیە وەک مەسیریکی ئابووری و ئرتباتی گرنگییەکی زووری لە بارەی گەشەی ئابووری و ئاڵوگۆڕی فەرهنگی هەیە. ناوچەی زاگروس لە تولی تاریخدا جێگایەک بۆ ئاڵوگۆڕینەوەی کولتوورەکان، شوێندانەر و ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان قەوم و میلەتەکان بووە و وەک ناوچەیەکی گرنگی ژئوپولیتیکی لە ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەراست تاسیراتی زووری لە سەر سیاستە ئابووری، ئەمنییەتی و پێوەندیە نێونەتەوەیەکان هەبووە.

کرماشان وەک یەکیک لە گرنگترین پارێزگاکانی ئێران کە بەشێکی گرنگی زاگروس لەم ناوچەیە هەڵکەوتووە وەک شوێنی ئەسڵی موبارزە و جێ نفووزی حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران و سازمانی دیمۆکراتیکی یارسان یەکجار گرنگە.
زاگروس بۆ کرماشان دەتوانێ بە هۆی سروشتی دەگمەنی، وەک زنجیرە کێوەکانی، ئاو و ڕووبار و جێگا مێژوویەکانی ببێتە هوێ ڕاکیشانی توریستی زیاتر و گەشەی ئابووری و دورست کردنی کار و ئیش لەم ناوچەیەدا . هاوکات لە باری ئەمنییەتیوە کرماشان و ناوچەکانی زاگروس بە هۆی جیاوازییە ئتنیکی، دینی، مەزهەبی، فەرهەنگی، زوانی و هاومەرز بۆنی لە گەڵ عراق گرنگیەگی زوری هەیە.

دوای باس و ڕاوێژ و چەندین کۆبوونەوەی سازمانی دیموکراتیکی یارسان و حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران، سەرئەنجام ئەمرۆ ۰۳/۰۹/۲۰۲۳ لێکتێگەیشتنێک لە لایەن هەردوک لایەن ئیمزا و تومار کرا.
سازمانی دێموکراتیکی یارسان و حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران وەک دو هیزی هەڵقوڵاوی ناوچەی زاگروس بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی مێژوویی و هەنووکەیی و گرنگی ناوچەکانی زاگروس لە باری سیاسی، ئابووری، جوغرافیایی و ئەمنیەتی لە چوارچێوەی "لێکتێگەیشتن/تفاهمنامە"ی ژێر هاوکاری و کاری هاوبش دەکەن:

## یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی حیزبی داد پەروەری کوردستانی ئێران و سازمانی دیموکراتیکی یارسان

ناوی یادداشتنامەی لێکتێگەیشتن :

لێکتێگەییشتنی دانمارک ، ئارهوس ۲۰۲۳

١ – تێکۆشان بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ، بە مەبەستی دارشتنی و دیاری کردنی بەرنامە و پلاتفۆرمێکی هاوبەش و چارەنووسساز بۆ خەباتی پێکەوەیی دژی ڕژێمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢ – خەبات و کاری هاوبەش بۆ پاراستنی ئاساییش و ئارامی پێکەوە ژیانی تەندروست و دادپەروەرانە لە کوردستانی ئێران ، بە تایبەتی لە ناوچەی زاگروس کە جێگای نفوزی زیاتری حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران و سازمانی دیموکراتیکی یارسانە.

٣ – بیر ورا گۆڕینەوە لە سەر ڕووداوە چارەنووسسازە جیهانی و ناوچەییەکان و گرتنەبەری هەڵوێست و کرداری هاوبەش.

٤ – حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران و سازمانی دیموکراتیکی یارسان پابەندن بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەبات دەکەن بۆ جێگیر کردنی سەرجەم بڕگە و بابەتەکانی پەیوەندیدار بەو جاڕنامەیە.

٥ – سازمانی دیموکراتیکی یارسان و حیزبی دادپەروەری کوردستان لە سەر بنەماکانی دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوەری بتەو بە پلۆرالیزم، یەکسانی ژن و پیاو لە ئەرک و ماف دا و بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سکۆلاری دێموکراتیکی لامەرکەزی لە ئێرانی داهاتوودا خەبات دەکات.

٦ – خەباتی هاوبەش دژی سەرجەم دیاردەکانی پاوانخوازی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینی و مەزهەبی لە ئێران و کوردستانی ئێران کە هەڕەشەی حاشا هەڵنگرن بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٧ – خەباتی هاوبەش دژی سەرجەم ڕێکخراو، دەستە و تاقمە تێرۆریست و تۆقێنەرە جیهانی و ناوچەییەکان کە هەڕەشەن بۆ سەر کۆمەڵگا و ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگا تووشی مەترسی دەکەن.

٨ – سازمانی دیموکراتیکی یارسان و حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران خەبات دەکەن بۆ بەدیهاتنی ئامانجاکانی ئەم یادداشتنامە و لێکتێگەیشتنەی نێوانیان و لە هەمان کاتیشدا ئەم یادداشتنامەیە بە بەرنامەیەکی دینامیک دەزانن کە بە پێی هەل و مەرج و گۆڕانکارییەکان لە سەر تێگەیشتن و ڕەزامەندی دوو لایەن شیاوی دەستکاری و گۆڕانە.

سازمانی دیموکراتیکی یارسان

منوچهرعزیزی یاری رابەری هاۆبەش

حیزبی دادپەروەری کوردستانی ئێران

حسن یارحسینی سەرۆک

03-09-2023

ئارهوس – دانمارک